مەسعود بارزانی پەشوازی لە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا دەکات

مەسعود بارزانی پەشوازی لە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمانانی نوودوولتیی دژی داعش کرد و هەردوولا تاوتوێی دوایین پەشهات و گەشانکاری و هەڕەشەی تیرۆر لە عێراق و سووریا و ناوچەکە بە گشتی کرد.

ئەمڕۆ سەشەممە 9ـی کانوونی دووەمی 2024، مەسعود بارزانی لە سەلاحەددین پەشوازی لەە جەنەراڵ جۆن ڤاو، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمانان لەە عێراق و سووریا و شاندی یاوەری کرد.

بارەگای بارزانی لە راگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆ کردووە، لە دیدارەکەدا مارک سترە کەنسوەی گشتی ئەمریکا لە هەولێریش ئامادەی بوو و باس لە دوایین پەشهات و گەشانکاری و هەڕەشەی تیرۆر لە عێراق و سووریا و ناوچەکە بە گشتی کرا.

ئەوەش خراوەتەوو: "هەر لەو دیدارەدا گفتوگۆ لە بارەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش کرا و گرتنەبەری ڕەگەچارەی پەویست بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە گرنگ زانرا".

وەکو ئەوەی لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا سەرنج خرایە سەر بەردەوامی هەماهەنگی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، هەروەها جەخت لە بەردەوامی کاری هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا کرایەوە بە مەبەستی ڕێگری کردن لە مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە.